# چەند فەرموودەیەکی پێغەمبەر (ﷺ)

# دەربارەی ( بیروباوەڕ و شوێن کەوتن )

( فەرموودەی دووەم )

## نوسینی

## زانای پایەبەرز شێخ ( ربيع بن هادي المدخلي )

## خوای گەورە بیپارێزێت

**وەرگێڕانی: یحیی ستار شێخانی**

**لە بڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی ئاشتی**

www.ashtyk.com

**ژمارە( ١٠ )**

**الحمدالله والصلاة والسلام على رسول الله وبعد:**

**فەرموودەی دووەم**

**فەزڵی بیرو باوەڕی بەتاك دانانی خوای گەورە**

عن عُبادَةَ بن الصامت رضي الله عنه عَنِ النَّبِيِّ صلى الله عليه وسلم قَالَ:

« مَنْ شَهِدَ أَنْ لا إِلهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَريكَ لَهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، وَأَنَّ عِيسَى عَبْدُ اللهِ وَرَسُولُهُ وَكَلِمَتُهُ أَلْقاها إِلى مَرْيَمَ وَرُوحٌ مِنْهُ، وَالْجَنَّةُ حَقٌّ، وَالنَّارُ حَقٌّ، أَدْخَلَهُ اللهُ الْجَنَّةَ عَلى مَا كَانَ مِنَ الْعَمَلِ»

(رواه البخاري[1] ومسلم[1] وأحمد[1] ).

**واتە:** عوبادەی کوڕی صامت (ڕەزای خوای لێ بێت) دەیگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) فەرموویەتی: هەرکەسێك شایەتی بدات بەوەی، کە هیچ پەرستراوێك نییە شایەنی پەرستن بێت جگە لەخودا و تەنهایە و هاوبەشی نییە، موحەممەدیش (ﷺ) بەندەی خوایە و نێردراوی ئەوە و عیساش (عليه السلام) بەندەی خوایە و نێردراوی ئەوە، وە ئەو وشەیەی کە بە (مەریەم)ی وت و ڕوحی خستە بەری، هەروەها بەهەشت حەقە و ئاگری دۆزەخیش حەقە، خوای گەورە دەیخاتە بەهەشتەوە بە گوێرەی ئەو کردەوەیەی کە کردوویەتی.

**گێڕەرەوەی فەرموودەکە:**

(عوبادەی کوڕی صامتی ئەنصاری) یەکێك بوو لەوانەی کە بەشداری بەیعەی یەکەم و دووەمی کردبوو (پەیماندان) لە گەڵ پێغەمبەری خوادا(ﷺ)،



هەروەها بەشداری جەمنگەکانی تریشی کردووە و مامۆستای فێرکاری قورئان بوو لە شاری مەدینە پاشان لە (شام)، لە ساڵی (٣٢ك) لە(بيت المقدس) وەفاتی کردووە (ڕەزای خوای گەورەی لێ بێت).

**شیکردنەوەی وشەکان:**

**شهادة أن لا إله إلا الله:** بە زمانی بیڵێت و دڵیشی باوەڕی پێ بهێنێت و کردەوەشی پێ بکات بە ئەندامەکانی.

**وحده:** واتە: تاك و تەنهایە.

**عیسی:** کوڕی (مەریەم) ی پاك و بێگەردە (سەلامی خوایان لە سەر بێت).

**کلمته:** واتە: دروستبوونی بە وشەیە کە پێی وترا.

**کن:** واتە ببە، بۆیە عیسا (عليه السلام)بە توانا و حیکمەتی خوای کەورە دروست بوو، بۆیە ناوی لێنرا (کلمة) واتە: وشە بە فەرموودەکەی خوای گەورە (كُنْ) .

**روح منه:** واتە عیسا (عليه السلام) ڕوحێکە لەو ڕوحانەی کە خوای گەورە دروستیانی کردووە.

**الجنة حق والنار حق:** واتە هەر دووکیان جێگیرن و بە بێ ئەوەی گومانت هەبێت لە بوونیان .

**واتای فەرموودەکە بە کورتی:** ئەم فەرموودەیە (پێنج) شت لە خۆ دەگرێت جا هەر کەسێك باوەڕی پێ بهێنێت و کردەوەی پێ بکات بە ئاشکرا و بە نهێنی دڵدا ئەوە دەچێتە بەهەشتەوە.